پارچە پارچەکردنی شوفێرێك و چوار پۆلیسی کورد لەسامەرا

حوسێن هیمەتی- کەرکوك. دوای ئەوەی کەزانیمان پێنج کورد لەشاری سامەرا لەلایەن چەند چەکدارێکی عەرەبەوە کوژراون، بۆ تەئکیدکردنەوەی هەواڵەکە روومانکردە گەڕەکی رەحیم ئاوای شاری کەرکوك کە خانەوادەی ئەم کوردە کوژراوانە لەوێ نیشتەجێنە، برای شوفێرە کوردە کوژراوەکە (واتە: عیزەدین محەممەد رەشید)مان بینیو دواندمان، بەڵام رازی نەبوو ناوی بڵاو بکەینەوە، گوتی: رۆژی ٢٠٠٤/٥/٣١ بوو کە ئەو پێنج کوردە، کە چواریان بۆ خولی راهێنانی هێزەکانی ICDC بەرەو سەربازگەی تاجی لەبەغدا بەڕێکەون، بەڵام لەسەر ڕێگەی سامەرا- بەغدا ئۆتۆمۆبیلەکەیان خراپ دەبێت و عاتل دەبێ، بۆیە بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبیلەکەیان دەچنە لای فیتەرێکی کورد لە سامەرا، کە لەتەنیشت ئەو فیتەرە هەندێك فیتەری عەرەبیش هەبوون، دوو کەس لەو پێنج کوردە بۆ کڕینی کەرەستەی ئۆتۆمۆبیلەکە دەچنە بازاڕی فرۆشتنی شتومەکی ئۆتۆمۆبیل، لەو کاتەدا یەکێك لەفیتەرە عەرەبەکان بەوە دەزانێت کە ئەوانە کوردن، بۆیە ئەوە بەهەل دەزانێت و لایەنگرانی سەددام و چەند تیرۆرستیان لێ ئاگادار دەکاتەوە، پێشتریش خەڵکی عەرەبی سامەرا ئەوەیان راگەیاندبوو کە هەر کوردێك بێتە سامەرا دەیکوژین، لەو کاتەدا چەند چەکدارێکی عەرەب دێنە شوێنی فیتەرەکان و دەورەی سێ کوردەکە دەدەن و دەستگیریان دەکەن و چاوەرێ دەکەن تاکو دوو کەسەکەی دیکەش دەگەڕێنەوە، بەو شێوەیە دووەکەی دیکەش دەستگیر دەکەن، پاشان چەکدارە عەرەبەکان بەدەستی ئەنقەست هەندێك چەك و تەقەمەنی لەناو ئۆتۆمۆبیلی کوردەکان دادەنێن گوایە ئەوانە بۆ کاری خراپەکاری هاتوونەتە سامەرا،و بەپێی بەقسەی خەڵکی سامەرا وێنەی کوردەکانیش لەلایەن چەکدارە عەرەبەکان دەگیرێ بۆ ئەوەی بسەلمێنن کە ئەوانە بۆ کاری خراپەکاری هاتوونەتە سامەرا، پاش دەستگیرکردنیان بەشێوەیەکی درندانە ئازاریان دەدەن و پارچە پارچەیان دەکەن و لاشەکانیان لەناو گونیەك دەکەن، بەشێوەیەك کە سێ کەسیان لەناو یەك گونیەدا جێدەکەنەوە دووانەکەی تریش لەگونیەك دا، پاش ئەوە لەگۆڕستانێك کە لەشاری سامەرا نزیکە لەژێر خاکیان دەنێن، بەشێوەیەك سێ کەسیان لەقەبرێك و دووانەکەی تریش لەقەبرێك دەنێن و تەنیا کێلێك بۆ هەر یەك لە دوو قەبرەکە دەکرێو لەسەری دەنووسن (ئەوە گۆڕی پێنج پێشمەرگەی کوردە)، شایانی باسە کە ئەو پێنج کەسە کوردە چواریان سەر بەهێزی ICDC بوونەو یەکێکیشیان شوفێری ئۆتۆمۆبیلەکەیە کە پێی چوونەو دەکاتە باوکی یەکێك لەچوار کەسەکەی ترو جۆری ئۆتۆمۆبیلەکەش قەمەرەیەکی دزلفین بوو، و بۆ ئەوەش لەگەڵ کوڕەکەیو سێ هاوڕێکەی چوو بوو تاوەکو چاودێرییان بکات و ئاگای لێیان بێ. هەروەها برای شوفێرەکە لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی: لەکەنالی جەزیرەش تەنیا بە مانشێتێکی بچووك باسی لەروودانەکە کرد، ناوی ئەو (٥) کەسە کوژراوەش ئەمەی خوارەوەیە: ١-عزەدین محەممەد رەشید- شوفێرو باوکی شاهۆ، ٢-شاهۆ عزەدین محەممەد رەشید، ٣-قاسم مەجید، ٤-سامان عەبدولرەحمان، ٥-بەختیار ئەحمەد.

شایانی باسیشە کە بۆ وەرگرتنەوەی لاشەکان ئەوە دوو رۆژە کەسوکاری کوژراوەکان رووریان لەشاری سامەرا کردووە، ئەویش بەنێوانگیری شێخێکی عەرەب دوای ئەوەی هێزی پۆلیس و ئەمریکییەکان لەکەرکوك هیچ جۆرە یارمەتییەکیان نەدان بۆ دۆزینەوەو هێنانەوەی لاشەی کوژراوەکانیان.

لەهەمانکاتدا ئەو خزمەی کوژراوەکان لەسەر ناوی بنەماڵەی کوژراوەکانەوە داوای یارمەتی لەهەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ وەرگرتنەوەو هێنانەوەی لاشەی کوژراوەکانیان و بەدواداچوونی تاوانباران.

لەسوریاو رۆژئاوای کوردستان تالانکردن و گرتنی کورد بەردەوامە

سەلامە یاسین ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعسی سوریا:

قامشلۆ دەکەینە قەسابخانە

لەو ماوەیەدا (٨١) هاووڵاتی دیکەی کورد لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی سوریا دەستگیرکران، کە ناوی سییانی هەر هەشتاو یەك کەسەکە لەبەیاننامەیەکی لیژنەی سیاسی حیزبی یەکێتی کورد لەسوریا بڵاوکرایەوە.

لەلایەکی دیکەوە سەرەڕای ئەشکەنجەدانی زیندانیانی کورد بەجۆرەها شێوازی درندانەی بەربەندکراوی نێودەوڵەتی، زۆر لەزیندانییە ئازادبووەکانی کورد باس لەوە دەکەن کە لەکاتی زیندانیکردنیان داوایان لێکراوە جنێو بەپیرۆزییەکانی کورد و سەرکردەکانی کورد بدەن، ئەو پیاو و ئافرەتە زیندانیانە بێجگە لەوە باس لەجۆرەها ئەشکەنجەی دەروونی دیکە دەکەن، هەر لەئەنجامی ئەو ئەشکەنجە جەستەییو دەروونییەدا زۆر لەو ئازادبووانە تووشی ئیفلیجیو چاو تاریکبوون و بێ هۆشیو جۆرەها شێوەی شێوانی جەستەییو دەروونی بوونە.

لەهەمانکاتدا چەندین خێزانی نیشتەجێی گەرەکی میللیو هەژار نشینی کوردی (زۆراڤا)ی سەر بەشاری دیمەشق باس لەوە دەکەن کە یەکەکانی سوپای سوریا لەکاتی هەڵمەتەکانی گرتن و پشکنینی ماڵەکانیاندا پارەو ناو ماڵ و شتومەکی کارەبایی و ئەلکترۆنی ئەوانیان دزیوەو تالانکردووە. هەروەها سەرەڕای موسەبیبی محەممەد کەبولی پارێزگاری حەسەکە لەکۆمکوژی قامشلۆدا کەچی دەسەلاتدارێتی سوریا وەك ئیستیفزاز کردنێکی کورد ئەوەی لەشوێنی خۆی لانە برد.

لەلایەکی دیکەوە لەرۆژانی ٣٠ی ئادار تاوەکو ١ی نیسان سەیدەلانییەکانی سوریا پێنجەمین کۆنگرەی خۆیان لەژێر دروشمی (پێشخستنی پیشەی دەرمانخانەیی لەرووی زانستیو پیشەییەوە ئەرکێکی نیشتمانیمانە بۆ هاوبەشیکردن لەو کاروانی نوێکردنەوەو پێشخستنەی کە هەڤاڵ د.بەشار ئەسەد سەرۆکی کۆماری عەرەبی سوری سەرقافلایەتی دەکات) سازکرا.

سەلامە یاسینی ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعس لەسوریا کە یەکێك بوو لەدیارترین چاودێرو میوانەکانی کۆنگرە، لەوتەکەیدا لەرێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەدا بەشێوەیەکی تەمومژاوی و شاراوە بەرپرسیارێتی رووداوەکانی قامشلۆی گەڕاندەوە بۆ (دەستی دەرکی)و (بەکرێگیراوانی ناوخۆ).

لەرۆژی دووەمی کۆنگرەش دا زۆر سەیدەلانی عەرەب بەشێوەیەك لەشێوەکان هێرشیانکردە سەر کورد و سەیدەلانییەکی شاری (الرقە) گوتی: بەکرێگیراوان لە لوبنان و باکووری رۆژهەڵاتی سوریا تالان و بڕیان کرد.. ئەوانە چۆن ئەمریکایان بردە ناو عێراق ئەو هاش دەیانهێننە ناو سوریا. لەوەڵامیدا سەیدەلانی (میدیا مەحمود) بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەندام کۆنگرە کوردەکانی دیکەدا وتارێکی خوێندەوەو تیایدا گوتی: نۆژەنکردنەوەو پێشخستن ئەگەر کارکردنی جیدیو کاریگەری لەگەڵ دا نەبێ هەروەك دروشمێکی وشك و بێ گیان دەمێنێتەوە. ئەوەی کە بەرێز دوکتۆر بەشار ئەسەدیش پێویستی پێیەتی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی سەبارەت بەنۆژەنکردنەوەو پێشخستن ئەوە نییە هەر کە ناوی هات چەپڵە لێبدرێ، بەڵکو پێویست بەکاری جیدیو بەرپرسیارانەو دڵسۆزانە هەیە. یەکێتی نیشتمانی سوریاش تەنیا بەدانان بەهەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی سوری دەبێ نەك بەشێوەی دیکە. دەرفەتیشە کە لەو کۆنگرەیەدا داوای قەرەبوو کردنەوەی ئەو هاوپیشانەم بکەم کە دەرمانخانەکانیان بەرۆژی نیوەڕۆو لەپێش هێزەکانی ئەمن و پۆلیس لەپارێزگای حەسەکەدا تالانکران. بەڕێزان، ئەو هاو پیشەیەمان لە (الرقە) کە گەلی ئێمەی بە کرێگرتەیی تاوانبارکرد.. لەو کاتەدا سەمیر ئەحمەد نوری نەقیبی سەندیکا هەڵساوەو بەهەرەشەوە ویستی میدیا مەحمود بێدەنگ بکات، بەڵام میدیا درێژەی بەقسەکانی داو گوتی: دەمەوێ بزانم مەبەستی کێیە، چونکە ئێمە براین و پێکەوە بەرەنگاری ئیستیعمارمان کردووە، عەیبە ئەو هاوپیشەیەمان وابڵێ.

لەوکاتەدا سەلامە یاسین تەمومژەکەی لاداو بەئاشکرا گوتی: سوپاسی ئەو ئاشکرا گۆییەت دەکەین، چونکە سەتەلایتەکان هیچ شتێکی شاراوەیان نەهێشتۆتەوە، هەندێ بەکرێگیراوی دەرەکی ئەو تالان و تێکدانەی باکووری رۆژهەڵاتی سوریایان ئەنجامدا، هەروەها گوتی: قامشلی دەکەینە (حماه) یەکی دیکە بۆ ئەوەی بیبێتە پەند بۆ هەموو ئەوانەی نیازی تێکدانی ئاسایشی ولاتیان هەیە. کێشەکەمان بەزانایی و بەهێزو دەسەلات چارەسەر کرد. ئێمە بەهێزین، زۆرمان دەستگیر کردوون و ئەو دەستگیرکردنەش بەردەوام دەبێ). هەروەها بەسووکایەتیو گاڵتەپێکردنەوەش گوتی: راستە کورد برینداران، بەڵام برینداربرینەکەی بەدار چارەسەر ناکات.

شایانی باسە شاری (حماه) پارێزگایەکی سوریایەو کاتی خۆی بەهۆی جولانەوەی ئیخوان موسلمینەکانی سوریا، رژێمی سوریا قەسابخانەیەکی خوێناوی گەورەی تێدا ئەنجامدا دژ بەئیخوانەکان و خەڵکی شارەکە.

پارچە پارچەکردنی شوفێرێك و چوار پۆلیسی کورد لەسامەرا

لەو دوو ملیار دۆلارەش بێبەشین

عوسمان عەلی غەفور

هەڵە بجە

رۆژی پێنج شەممە بەرواری ٢٠٠٤/٥/٢٧ رۆژنامەی کوردستانی نوێ هەواڵێکی دڵخۆشکەری بڵاوکردووەتەوە کە بەمانشێتێك نووسراوە (بەم زووانە نزیکەی دوو ملیارو شەش سەد ملیۆن دۆلار لەپارەی کۆبوەوەی بەرنامەی نەوت بەخۆراك تەسلیم بەهەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێم دەکرێتەوە) ئەم هەواڵە دڵخۆشکەرە بۆ بخۆرەکان، دڵخۆشکەرە بۆ ئەوانەی لێی ئەزانن، دڵخۆشکەرە بۆ ئەوانەی مەسئوولن.. دڵخۆشکەر نییە بۆ ئێمە چونکە تائێستە شتی وامان بەخۆمانەوە نەدیوە لەم دوو ملیار دۆلارەش نایبینین..

ئەو هەموو پارەیەی دەکرێتە گوێنییە بێبنەکەی هەردوو ئیدارەکە، ئەو هەموو داهاتەی دەگەڕێتەوە خەزێنەی دەوڵەت، ئەو هەموو باج و سەرانە گەر دەستێکی دادپەروەرانەو هەست بەلێپرسینەوە هەستێت بە دابەشکردنی دەتوانرێت چەندین شاری وەك هەڵەبجەی پێبکرێت بە سلێمانی (زیاتر نا) دەتوانرێت کەرکووکی پێبکڕدرێت، دەتوانرێت تەزووی کارەبای هەموو کوردستانی پێچارەسەر بکرێت، بەڵام بەداخەوە لەو بڕە پارەیە هیچی بەر شارە بێبەش کراوەکان ناکەوێت.

لەهەڵەبجە یەك ملیۆن دۆلار رەحمەتی پۆلی ئەمریکی بوو کەس نەیزانی چۆن هات و چۆن دابەشکراو دواتر چی بەسەر هات. بەڕێزێکی بەرپرس وتی: دەکرێت بە دوو قوتابخانەی نمونەیی و چەند خانوویەك، کە ئەوەش زۆلمێکی ترە لە هەڵەبجەییەکان، چونکە کردنەوەی قوتابخانەی نموونەیی و خانوو ئەرکی دەوڵەتە نەك پیاوەتی کردن بەدیاری کەسێك بۆ دانیشتووانی ئەمشارە بەهەموو شێوەیەك ستەملێکراوە.

ئەمە لەکاتێکدا کە پرۆژەیەك لە هەڵەبجەدا جێبەجێ دەکرێت نرخەکەی بە پارەی علوج مەزەندە دەکەن و لە هەمان رۆژنامەدا چاپی دەکەن، بەڵام پرۆژەی ناوچەکانی تر بەدۆلارە. بۆ؟ چونکە ( ) خۆتان وەڵام بدەنەوە.

کوردێکی گێرخواردووی نێو کەمپی (الکرامە)ی ئوردنی

هەڕەشەی سوتاندنی خۆیو منداڵەکانی دەکات ئەگەر خوشکەکەی نەگەڕێندرێتەوە بۆ کەمپەکە

عەممان- فارس شرعان/ کوردێکی عێراقی گێرخواردووی سەرسنووری عێراق و ئوردن هەڕەشەی کرد کە هەر سێ منداڵەکەیو خۆی دەستوتێنێ ئەگەر خوشکەکەی نەگەڕێندرێتەوە بۆ کەمپی کەرامە لەناوچەی لێك جیاکەرەوەی نێوان عێراق و ئوردن.

ئەوزاد محەممەد عەلی کەخەڵکی زاخۆیە دەڵێ کە ئەو و خوشکەکەی کوردستان و هەر سێ منداڵەکەی کە تەمەنیان لەنێوان ٨-١٢ ساڵدایە دوای رووخانی رژێمی پێشوو عێراقیان بەجێهێشت، بەتایبەتی کە بەهۆی کوشتنی ژنەکەی بە ١٥ ساڵ زیندانیکردن حوکمدرابوو. ئەوزاد محەممەد لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ (الشرق الاوسط)دا گوتی: (سێ کەس لەنیشتەجێیانی کەمپ پێش چوار مانگ دەستدرێژیان کردبووە سەر خوشکەکەیو ئیغتیسابیان کردبوو، کە شکایەتم لەلای بەرپرسانی رێکخراوی بالای کاروباری پەنابەران UNHCR لێکردن خوشکەکەی منیان بردە عەممان بەمەبەستی فەحسی پزیشکی و تاوانبارەکانیش درانە دەست پۆلیسی ئوردنی و لەلایەن ئەوانەوە زیندانیکران). هەروەها ئەوەی روونکردەوە خوشکەکەی کە تەمەنی ١٦ ساڵە ئەوە چوار مانگە نەگەڕێندراوەتەوە خێوەتگەی کەرامەو لەلای مەڵبەندەکانی تایبەت بەقوربانیانی توندوتیژی دژ بەئافرەتان دانراوە. ئەوزاد گوتی کە ئەو بریاری داوە بگەڕێتەوە عێراق و روو بکاتەوە شوێنی لەدایکبوونی زاخۆ و چاوەڕوانی گەڕانەوەی خوشکەکەیەتی بۆ کەمپ تاوەکو لەگەڵ خۆی بیباتەوە بۆ باکووری عێراق، هەروەها گوتی UNHCRیش لەو بارەوە ئاگادار کردۆتەوە. زۆر لەنیشتەجێیەکانی ئەو کەمپە وردەکارییەکانی ئەو مەرگەساتەیان روونکردەوە، مەحمود عەوەز کە فەلەستینییەکی نیشتەجێی ئەو کەمپەیە، راستی ئەو زانیاریانەی سەلماند کە ئەوزاد باسیکردوون. مەحمود عەوەز کەنیشتەجێی خیوەتەکەی تەنیشت کوردە عێراقییەکەیە دەڵێ ئەوزادو سێ منداڵەکەی ئەوە سێ رۆژە مانیان لەخواردن گرتووەو چەند دەبە بەنزینێکی هێناوە بۆ سوتاندنی سێ منداڵەکەی و دواتر ئاگر لەخۆ بەردانی ئەگەر خوشکەکەی نەهێندرێتەوە کەمپەکە. هەروەها گوتی **ئەوزاد دەمی منداڵەکانی خۆی دوریوەتەوە بۆ ئەوەی هیچ نەخۆن و قسە نەکەن، لەچاوەڕوانی گەڕاندنەوەی خوشکەکەیدا.**

* رۆژنامەی (الشرق الاوسط) رۆژی ٢٠٠٤/٦/٩

کوردەکان و ئازادیەکی کەم

ئارۆن گلانتز

لەدەورەبەری شەقامەکانی بازاڕی هەولێر سەوزەو میوە فرۆشەکان پاڵ بەعارەبانەکانیانەوە دەنێن. شاری هەولێر زۆر جیاوازە لەبەغدا. لەهەولێر کوردی زمانی ئاخاوتنەو نوسینی تابلۆی سەر دوکانەکان بەزمانی کوردییە. لێرە کاروانە سەربازییە ئەمریکییەکان نابینرێن. شەقامەکانی هەولێر لەلایەن کلاشینکۆفەکانی پێشمەرگەوە چاودێری دەکرێ نەك لەلایەن تانك و کاروانە سەربازییە ئەمریکییەکان. لەو کاتەوەی لەساڵی ١٩٩١ ناوچەی ئۆتۆنۆمی دروست بووە، کوردەکان توانیویانە کۆمەڵگایەکی تایبەت بەخۆیان دوست بکەن. بەڵام هێشتا ناتوانن تەواو پشت بە سەرچاوە کوردییەکان ببەستن بۆ وەرگرتنی هەواڵەکان. کوردەکان بەهەموو تەمەنێکەوە لەچایخانەی مەچکۆ لەشاری هەولێر لەدەوری تەلەفزیۆن کۆدەبنەوە بۆ بیستنی هەواڵەکانی دەستوری کاتی عێراقی. بەتایبەتیش کەناڵی (الجزیرة). (هۆی سەرەکی کەئێمە سەیری جەزیرەو عەرەبییە دەکەین ئەوەیە کە ئەوان هەواڵی خێراو بەپەلە بڵاودەکەنەوە). ئەوە قسەی کەریم شارەزای نوسەری تەمەن ٦٣ ساڵییە، هەروەها دەڵێت: (ئێستا کەناڵێکی تریش لەلایەن ئەمریکاوە کراوەتەوە بەناوی "الحریة" واتە ئازادی، ئێمە دەتوانین سود لەویش وەربگرین). دەزگاکانی پەخشی کوردی نەیانتوانیوە کارێکی وا بکەن لەگەڵ کەناڵەکانی (العربیة) (الجزیرة) پێشبڕکێ بکەن. ئەوەش بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کوردەکان ئەو پارەیەیان نییە تاکو بتوانن پێشبڕکێ بکەن، بەشێکی دیکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەناڵە کوردییەکان ئامانجێکی جیاوازیان هەیە. هەواڵەکانی شەوانەی تەلەفزیۆنی کوردستان بەزۆری بریتییە لە پوختەی قسەو چالاکییەکانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان. (شوان یوسف)ی بەڕێوەبەری K.TV دەڵێت: (بەڕێز مەسعود بارزانی چەندین چالاکیو سەردانی هەیەو دەبێت ئێمە بڵاوی بکەینەوە) هەروەها دەڵێت ئەو کەناڵە سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانەو ئێمەش ئازادین لەوەی چی دەمانەوێ بیکەین، بۆیەش پێویستە هەواڵە تازەکانی ئەو پارتەش بڵاوبکەینەوە.

یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش خاوەنی تەلەفزیۆنی کوردساتە. ئەندامەکانی یەکێتی دەڵێن ئەوان چەند هۆیەکیان هەیە لەبەرامبەر کۆنترۆڵکردنی کوردسات. حەکیم عومەر لەنوسینگەی دەرەوەی یەکێتی دەڵێت کە راگەیاندن ئامرازێکی سەرەکییە لەپرۆپاگەندەی پاراستنی لەت لەت بوونی عێراق. (ئەگەر رێگە بە خەڵك بدەن قسە بکەن، ئەوا داوای سەربەخۆیی دەکەن، بەڵام ئەو راگەیاندنەی چەند ساڵێکە قسەیان بۆ دەکات وایان لێدەکات بگەڕێنەوە بۆ لەسوید) ئامادەیکردووە، ناوی ئەو کەسانەی بڵاوکردۆتەوە کە تەنیا بەهۆی ئایندارێتی ئایین بەهاییو بابی لەلایەن رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ئیعدامو گوللەباران کراونو کوژراون، بەپێی ئەو ئامارە کە ناوی چەند کوردێکیش لەلیستەکەیدایە (٩) هەزار کەس هەر بەو هۆیەوە کوژراون، لێرەدا ناوی چەند کوردێك دەنووسینەوە کە ئایینیان بەهاییو بابی بووە کە رژێمی ئێران گوللەباران و لەسێدارەی داون بەپێی ئامارە کە ناوی رێکخراوە.

فیدرالیزم، چونکە فیدرالیزم باشترین رێگەیە، ئەوە مەبەستی راگەیاندنی کوردییە). ئەوە قسەکانی حەکیم عومەر بوو. زۆر زەحمەتە کەسێك بدۆزیتەوە بەراشکاوی لەدژی پارتە دەسەلاتدارەکان قسە بکات. پۆلیس و ئاسایشی تایبەت بەناوچەکە هەیە بۆ پاراستنی خەڵکەکە. کوردەکانی دەرەوەی عێراق زۆرجار رەخنە لەدەسەلاتی ئێستای کوردی دەگرن، بەڵام زۆربەشیان هەنگاوەکانی سەرکردەکانی هەردوو پارتە دەسەلاتدارەکە وەکو هەنگاوێکی کاتیی دەبینن لەرێگەی جیابونەوە لەعێراق. کانی غولامی بەڕێوەبەری تۆڕی زانیاری کوردی- ئەمریکی لەواشنتۆن، کە سەربەخۆیی بەلاوە باشترە دەڵێت: (ئێمە بەو شێوەیە لاڵ نین کە خەڵك بیری لێدەکەنەوە، یانیش وەکو ئەوەی هەندێك لەسەرکردە کوردەکان بیری لێدەکەنەوە). هەروەها دەڵێت: (لەوانەیە فیدرالی بۆ ئێستا تاکە رێگەبێت، بەڵام پێویستە ئەوە بەخەڵك بدرێت کە داوای دەکەن).

سەرچاوە:
Inter Press Service

(٩) هەزار کەس بەهۆی جیاوازی ئایینی لەئێران کوژراون

کوشتنی کوردان بەهۆی جیاوازی مەزهەبیو ئایینی لەئێران

زۆرمان ئەوە دەزانین کە لەئێراندا، رژێمی کۆماری ئیسلامی کەمتەرخەمییکی زۆر دەنوێنێ، بەرامبەر ئەو کەسانەی کە پەیڕەوانی ئایینی دیکەن، وەکو ئایینی بەهاییو بابیو مەسیحیو زەردەشتی تەنانەت موسڵمانانی سوننیش لە کۆمەڵگای ئێران دا بەهاووڵاتی پلە سێیو چوار تەماشا دەکاتو جیاوازییەکی زۆریان لەبەرامبەر دەکرێ ئەگەر نەڵێین وەك دوژمن سەیریان دەکات، هەڵبەت ئەم کەموکورتییەش لەلایەن ئەو شیعانەوەیە کە پەیڕەوانی (ولایەتی فەقیە)ن، کە ئەوانیش رێبازیان دەچێتەوە سەر رێبازی عەلی خامەنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی، لێرەدا باس لەو ئێرانیو کوردانە دەکەین کە تەنیا بەهۆی جیاوازی مەزهەبیو ئایینی بەهاییو بابیو زەردەشتیو مەسیحی. رژێمی ئێران کە ئایینی بەهاییو بابی بەگەورەترین گوناح لەقەڵەم دەدا، هەر لەبەر ئەوەش زۆر لەو کەسانەی کە بەهاییو بابی بوونە، ئیعدامو گوللەبارانی کردوونو کوشتوینی، ئەو دوژمنایەتییەش دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی کۆن. هەروەها بەپێی بڕیارەکانی رژێمی ئێران کوشتنی ئەم کەسانە کە ئایینیان بەهاییو بابییە ئازادەو کوشتنیانی لەسەر موسڵمان واجب کردووە!، هەروەها کاتی خۆی رژێمی ئێران زۆر لەو کەسانەی کە ئایینیان زەردەشتیو مەسیحی بووە لەئێران دەریکردوونو ناسنامەی ئێرانی بوونی پێنەداون، بەپێی ئامارێك کە (کۆمیتەی مافی مرۆڤی ئێرانی

ناوو شۆرەت	بەرواری ئیعدام	شوێنی لەسێدارەدان	شوێنی لەدایکبوون	شێوەی کوشتن
١- حوسێن شەکوری	١٩٧٩/٤/٢	شنۆ	شنۆ	تیرۆر
٢- بەهار وجدانی	١٩٧٩/٩/٢٧	مەهاباد	مەهاباد	سێدارە
٣- عەلی سەتار زادە	١٩٧٩/١٠/٢٨	بۆکان	بۆکان	تیرۆر
٤- حەبیبوڵلا یەناهی	١٩٨٠/٢/٤	ورمێ	ورمێ	سێدارە
٥- یەروێز بیانی	١٩٨٠/٥/١١	پیرانشار	پیرانشار	سێدارە
٦- حەسەن ئیسماعیل زادە	١٩٨٠/٥/١٨	سنە	سنە	تیرۆر
٧- میروڵلا موختاری	١٩٨٠/٥/١٨	کامیاران	کامیاران	بەردباران

برایانی بەڕێز کاکە مەسعوود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی



سلاوێکی برایانەتان لێبێ و هیواموایە تەندروست بن..

هۆی نووسینی ئەم چەند دێڕە بۆ بەڕێزتان، ئەو نامەیەیە کە لەڕۆژی ٦/١ بەئینگلیزی نووسیبووتان بۆ سەرکۆماری ئەمریکا؛ جۆرج دەبلیو بوش.

بەر لەهەموو شتێك، دەمەوێ بێژم کە ئێمەی کورد، سەبارەت بەو هەلومەرجە لەسنووربەدەرە خراپەی کە تێیدا دەژین، ئەگەر هاتو نەمانویست؛ نیازی دڵی خۆمان بەراشکاوی، بەنەیاران و ناحەزان رابگەیەنین، یان ناچار بووین؛ هێندێك لەئامانجەکانی خۆمان بشارینەوە لێیان، بۆ ئەوەی لەشەڕیان بەدووربین، بێگومان دەبێ لەنێو خۆماندا و لەگەڵ خۆمان راستگۆو قسە لەڕووبین. دیارە، قسەی هەق رەقەو، کورد جوانیان گوتووە "دۆست ئەوەیە دەتگرێنێ"؛ دوژمن ئەوەیە دەتکەنێنێ"؛ لەبەر ئەوە دەبێ بیوورن لێم، کە بەم وشە بێکراس و کەوایانەم؛ دڵتان ناخۆش دەکەم، چۆنکە ئەن، وەك براو دۆستی ئێوە، بەپێویستی دەزانم؛ بێ لەڕوو بەرمایی؛ لەگەڵتان بدوێم.

برایینە؛

لەنامەکەتاندا، ناڕاستەوخۆ، واپێشاندەدەن، کە ئەمریکا ناڕەوایێ کردووە بەرامبەر بەکورد، کە گوایە منەتی نەزانیوە لەوەی چەکداری کورد، شان بەشانی چەکداری ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی؛ خوێنیان ڕژاوە لەپێناوی ئازادیی عێراقداو، ئەمریکاییەکان پاداشی کوردیان زۆر بەخراپی داوەتەوە.

هەر لەو کاتەدا چاوەڕوانیی ئەوە دەکەن لەئەمریکا؛ کە پلەی سەرۆکوەزیری، یان سەرکۆماریی عێراق، بۆ کورد مسۆگەر بکاو، لەباری ئابووریشەوە؛ خۆتان بە "مافخوراو" دادەنێن لەچاو عەرەبەکانداو، داوای پارەی زۆرتر دەکەن.

ڕاستییەکەی؛ ئەم هەڵوێستەی بەڕێزتان، هەڵوێستێکی سادەکارانەو، هەڵپەی ناهومێدانەی لەکاروان بەجێماوانەیەو، لەمرۆڤی سیاسەتکار ناوەشێتەوە. ئەگەر چاوێکی بابەتانەو بەویژدانانە بەهەڵسوکەوت و کردەوەکانی خۆتاندا بخشێننەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی دوانزە ساڵەی فەرمانڕەواییتاندا لە"هەرێمی ئاسایش"، چ پێش و چ پاش ڕووخانی ڕژێمی سەددام، ئەوسا تێدەگەن کە گوناهی هەرە گەورەی لەدەستچوونی ئەو دەرفەتە مێژووییەی کە بۆ کورد هەڵکەوتبوو، دەکەوێتە ئەستۆی دژایەتیی توندوتێژو رکەبەریی ناحەزانەتان بەرامبەر یەکدی، بەڵام هەرزانفرۆشی و خۆ بە کەمگرتنتان بەرامبەر داگیرکەران و دوژمنانی نەتەوەی کورد. ئەن، وەك شارەزایەکی سیاسەت و جۆری بیرکردنەوەی ڕۆژاواییەکان، ئەمە دە ساڵ پترە، چ لەڕێی وتاری ڕۆژنامەوەو، چ لەڕێی وتوێژی ڕادیۆیی و، تەلەفزیۆنییەوەو، چ لەڕێی نامە ناردنەوە بۆتان و، چ لەڕێی پێوەندیی دوو بەدووەوە لەگەڵتان، دەمویست کارێك بکەم؛ کە ئێوە لەپێناوی بەرژەوەندیی بەرزی نەتەوەی کوردداو یەکبگرن و دەسکەوتی تەسکوتریسکی حیزبایەتی و بنەماڵەیی، بخەنە لاوە. ئەوەشم ڕوونکردەوە بۆتان کە ئەمریکا برای باوکی کەس نییە، بەڵکو زلهێزێکی خاوەن بەرژەوەندییەو، بەپێی ئەو بەرژەوەندییەو، لەسنووری ئەو بەرژەوەندییەدا دەجووڵێتەوەو، هەڤاڵبەندو نەیار دەستنیشاندەکا.

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەمریکا، لەچوارچێوەی ئەو سنووردا، گەلێك کاری باشی بۆ کوردو، بەتایبەتی بۆ هەردووکتان کردووە. ئەمریکا لە ١٩٩١دوە تا کەوتنی سەددام "هەرێمی ئەفرین"ی پاراست و، ئێوەش بەسەربەخۆیی فەرمانڕەواییتان بەسەر سێ ستاندا کرد، بەڵام بیرتان لەدواڕۆژ نەکردەوە، بەڵکو نیوەی تەمەنی "هەرێمی ئاسایش"تان بەشەڕی خۆکوژی بردە سەر. پاش ئەوە ئەمریکا لە ١٩٩٨دا؛ هەردووکتانی لەگەڵ یەك ئاشتکردەوە، ئێوەش بەڵێنتاندا کە لەماوەی چەند مانگێکدا حکوومەتێکی یەکگرتوو و پەرلەمانێکی لەئازادیدا هەڵبژێردراو بخەنە سەرپێ، کەچی تا ئەوڕۆ؛ کە ئەوڕۆیە؛ ئەو بەڵێنەتان نەبردە سەر. پەرلەمانەکەتان ڕەوایەتی نەماوەو، کاتێکیش دوو بەڕێوەبەرێتی هەبێ، دیارە؛ "هەرێم" لەباری قانوونییەوە بوون (وجود)ی نابێ. لەگەڵ ئەمەشدا، کاتێك کە ترکەکان ڕوویان لە ئەمریکا وەرگێڕا، ئەمریکا ڕوویکردە ئێوەو، داوای پێکەوە هەڵمەتبردنە سەر کەرکووکی کرد لێتان، بەڵام ئەوە بوو ئێوە، پێکەوە نەچوون، یەکێتی؛ چوار دەمژمێر لە پێش پارتییەوە چوو، و کەرکووکی کرد بە چوار کەرتەوەو، ئەوەبوو ئەو تاڵان و بڕۆییەو ئۆتۆمۆبیل فراندن و ئاودیو کردنەش ڕوویدا، کە کوردی سووککردو، بیانووشی دایە دەست داگیرکەرانی ترك، کە لەئەمریکا، داوای چوونە دەرەوەی ئێوە لە کەرکووك بکەن و، ئێوەش لەباتی پێداگرتن و مانەوەو، دەرکردنی عەرەبە هاوردەکان و، نیشتەجێکردنی کوردە کەرکووکییە ئاوارەکان، لووس و باریك چەکدارەکانتان لەکەرکووك کێشایەوەو کەرکووکتان کردە "شاری برایەتی"، وەك ئەوەی شارەکانی دیکەی کوردستان، شاری دوژمنایەتی بووبن، نەك برایەتی. خۆ مام جەلال، هەر خۆی؛ چەند سەت پارچە زەویی لەسلێمانی و کۆیە بەخشی بەبەرەی ترکمانیی دەسکەلای ڕژێمی ترك، کە هەتا ئەوڕۆ؛ دانێکی خێریان؛ نەك بە کورددا، بەڵکو بەئێوەشدا نەناوە.

هەر یەك دوو ڕۆژ دوای ئەو کارەساتەی کەرکووك، نامەیەکم نووسی بۆ کاك مەسعوودو، مەترسیی کشاندنەوەی هێزەکانی کوردم لەکەرکووك پێڕاگەیاند. وەرامی کاك مەسعود ئەوەبوو کە ئەوان "چی باش بێ بۆ کورد ئەوە دەکەن". بێگومان کشانەوەی هێزی کورد لەکەرکووك، هەڵەیەکی ستراتیژیی کوژەر بوو، چۆنکە کوردی کەرکووك بێ پشتیوان مانەوە. ئەمە لەکاتێکدا کە سەربازی ترك لەو ڕۆژەدا بەهیچ جۆرێك زاتی ئەوەیان نەدەکرد پەلاماری باشووری کوردستان بدەن. خۆ ئەگەر ئەوەیان بکردایە، ئەوا بەزیانی گەورەی ڕژێمی ترك تەواو دەبوو.

گەورەترین هەڵەی ئێوە ئەوەبوو، بێ هیچ گەرەنتی و بێ هیچ بەڵێن و پەیمانێکی ئەمریکاو بەریتانیا لەبارەی دواڕۆژی باشووری کوردستانەوە، نەك هەر خۆتان بەعێراقی دایە قەڵەم، بەڵکو گوتتان کە گەلی کورد دەیەوێ لەسنووری عێراقدا بمێنێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە ئێوە؛ ڕێی هیچ جۆرە گشتپرسییەکتان نەدا، تابزانرێ خەڵکی باشووری کوردستان، چیان دەوێ و چیان ناوێ.

لەلایەکی دیکەوە، هەوڵی ئەوەتان دەدا؛ لەکورد وا بگەیەنن کە سەرکردە عەرەبەکان و شیعەکان بەسیستەمی فێدەراڵی ڕازین. تەنانەت مام جەلال لەوتوێژێکدا لەگەڵ گۆڤاری ئەڵمانی "دێرشپیگل" گوتی: "سیستانی بەفێدەرالیزم ڕازییەو پشتگیریی مافەکانی کورد دەکاو، مرۆڤێکی مۆدێرات (معتدل)ەو لە خومەینی ناچێ". کەچی ڕۆژێك دوای ئەوە سیستانی ئەو قسانەی بەدرۆخستەوە. کە لەڕۆژنامەی "میدیا"دا داوامکرد لە مام جەلال، ڕاستی و ناڕاستی ئەو هەواڵە دەربخا، مام جەلال ئێستەو ئەوساش پەنای بردە بەر بێدەنگی. وادیارە هۆشیار زێباریش، نەیویستوە لە مام جەلال دواکەوێ، بۆیە لەبەردەم "کۆمەڵی ئاسایشی نێودەوڵەتان"دا گەلێك پەسنی (مدحی) سیستانی دا، هەقی خۆیەتی؛ وەزیری عێراقە.

برایینە؛

وەك دەزانن، ئێوە دەوڵەتی عێراقتان سەر لەنوێ بنیاتنایەوەو، سەروەرێتیتان بۆ عێراق وەرگرتەوەو، کۆتاییتان هێنا بەسەربەخۆیی ماڵۆچکەکەی کورد. تەنانەت کە "کۆمەڵی ئاسایشی نێودەوڵەتان" کە بەپێی بڕیاری ١٤٥٦ سەروەرێتی بۆ عێراق گێڕاندوە، ئەمەش هەر بەهۆی هەوڵ و تەقەلای وەزیرەکەی ئێوەوە، کاك هۆشیار زێباری بوو، وەك بەڕپرسیارە گەورەکانی ئەمریکا دانیانپێدانا (الشرق الأوسط ١٠/٦/٢٠٠٤). ئەمە بێ ئەوەی کە بڕیاری ١٥٤٦ی (ك.ئا. ند) بەیەك وشە باسی کوردستان، یان کورد بکا. کەچی ئێستەش ئێوە ناتانەوێ بەخۆتانی بگرن و، بڕیارێکی بنڕانە نادەن و، هەر دەتانەوێ کات ببەنە سەر، ئەگەرچی دەزانن، کار لەکار ترازاوەو، عێراق بووەتەوە دەوڵەت و، کوردیش کەمایەتییەکە لەنێو عێراقدا، کە بەدەوڵەتێکی عەرەبی دەناسرێ و، کێشەکەش لەکێشەی ئینتەرناسیۆنالییەوە، بووەتەوە بەکێشەیەکی نێوخۆیی و، ئێوەش لەمەولا وەك سەرۆك حیزب تەماشادەکرێن، خۆشتان نامەکەتان بۆ بوش هەر وەك سەرۆك حیزب ناردووە، و چەکدارەکانیشتان وەك میلیشیا تەماشا دەکرێن، چۆنکە چەکداری حیزبن، نەك لەشکری نەتەوەییەك، ڕێ بە مانیان نادرێ، مەگەر ئەوەی ئێوە بچنەوە سەر شاخ!!! بەتەمان بچنەوە؟؟؟

برایینە؛

ئەوجا، با بێینە سەر ئەو هوردە هەڕەشانەی کە دەیکەن و نایەنە سەرو، بەقسەی سیستانی "هەڕەشەی ئێوە بۆ خۆکێشانەوە لەحکوومەتی عێراق قسەیەکی کۆنە" (ڕۆژنامە عەرەبییەکانی ڕۆژی ١٠/٦/٢٠٠٤)، ئەگەر قسەکانی سیستانی بکەینە کوردی، دەبێ بێژین "هەڕەشەکەی ئێوە، چەمۆڵەی نێو گیرفانە" و، لەمەوە، دەبێ خۆتان بزانن ئەو سیستانییەی کە ئێوە چەند جار چوونە سلاوی، ڕێزی ئێوەی چەند لایە. بەڵام باوادابنێین کە ئێوە ئەوڕۆ خۆتان دەکێشنە دواوە لەحکوومەت، ئەوجا چی؟ دەمێکە ئەو پەندە کورد ییەم داوە بەڕووتاندا کە دەبێژێ "ئەوەی بە کچێنی دەکرێ، بە بێوەژنی ناکرێ". خۆکێشانەوە، دەبوو پێش ڕاگەیاندنی حکوومەتی کاتی بوایە. ئێوە خۆتان دەکێشنەوە، ئەوسا حکوومەتی دانپێدانراوی عێراق؛ بە یارمەتی هەموو لایەك؛ لە هەموو عێراقدا هەڵبژاردنێك ساز دەکاو، ئەو حەلەش دڵنیابن کە جەماوەری کورد دەنگ بەئێوە نادات، ئەو شایەرو کوڕی ڕۆژو کۆنەجاش و خاوەن فایل و چڵکاوخۆرو گامەسلەك و خۆبژێن و کاسەلێسانەی کە ساڵانی ساڵە، بەلێشاو پارەی کورد دابەشدەکەن بەسەریاندا؛ پێش ئەوانی دیکە دەکەونە پەلاماردانتان. خۆ ئەگەر بەربەرەکانێی حکوومەتی عێراق بکەن، دەبێ ئەوە بزانن کە ئەوە جاری جاران نییە، چۆنکە، نە جەماوەری کورد دەگاتە فریاتان و، نە سووریاو ئێران و دەوڵەتی ترك، ئەو دەمە بەهەموو لایەك لێتاندەدەن و، داگیرکەرانی کوردستانیش، ئەو ئاژاوەیە دەکەنە بیانوو، بۆ کاولکردنی کوردستان و، دەرپەڕاندنی کوردو ئەنفالێکی نوێ. خۆ ئەگەر لەنێو حکوومەتدا بمێننەوە، ئەوا متمانەی زۆربەی زۆری کورد دەدۆڕێنن، چۆنکە ڕژێمی نوێی عێراق، زۆر زەحمەتە مافێکی فیدراڵی وابدا بەکورد، کە کورد دەیەوێ و، جەماوەری کورد لەدەستدانی ئەو دەرفەتە گەورەیەی کە هەڵکەوتبوو بۆی، لەچارەی ئێوەی دەزانی.

برایینە؛

ڕێی ڕاستو دروست ئەوەیە، بەفەرمی و بێ پێچوپەنا، دان بنێین بە هەڵەی خۆتانداو، وەك سیاسەتکارانێك کە بۆ ئامانجێك هەوڵتان داوەو سەرینەگرتووە، بێنە قسەو، هەردوو بەڕێوەبەرێتییەکە بدەنە دەست ئەنجوومەنێکی سەتکەسیی بێلایەن، کە سەرپەرشتیی هەڵبژاردنێکی ئازاد بکا؛ لەو ستانانەدا کە بەدەست کوردەوەیەو، لەو شوێنانەدا کە بەدەست کوردەوە نییە، بەڵام کوردستانن و کورد دەتوانن نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن. ئەوجا ئەو پەرلەمانەی کە دروست دەبێ، بڕیاربدا لەسەر ئەو هەنگاوانەی کە دەبێ بنرێن بۆ پاراستنی مافی کورد. ئێوە ئەگەر ئەم کارە بکەن و، ئەم هەنگاوە ئازایانەیە بنێن، ڕێزێکی زۆری نەتەوەی کورد بۆ خۆتان دەپچڕن و کورد لەدووبارە بوونەوەی شەڕی نێوخۆیی ڕزگار دەکەن، چۆنکە دڵنیابن کە مەنجەڵی خەموخەفەت و ناهومێدی کورد بەجۆرێك دەکوڵێ کە لێی دەڕژێ. تکای براتان ئەوەیە کە ڕێ بەو کوێرەوەری و کارەساتە ناهەموارانە نەدەن. مەبەستیشم لەم نامەیە بۆ ئێوە، تەنێ خزمەتی کوردە، ئەگەرنا خۆشتان دەزانن، کە ئەن نە بەتەمای پلەو پایەو، نە بەتەمای هیچ جۆرە دەسکەوتێکی تایبەتی و، نەچاوەڕوانی خێرو بێری کەسم.

ڕێزو سلاوم دووبارە دەکەمەوە..

براتان
جەمال نەبەز
١٠ / ٦ / ٢٠٠٤

هەڕەشەی پاشەکشەکردنی کوردەکان تەنگ و چەڵەمە بۆ عێراقییەکان دروستدەکات

نووسینی: دێکستێر فلینکس وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە: ئەمیر ئیسماعیل

سەرکردە کوردەکان هەڕەشەی ئەوەیان کردووە کە لەحکومەتی عێراقی پاشەکشە دەکەن ئەگەر گەرەنتی ئەوەیان پێنەدرێت ڕێگە لەپلانەکانی شیعە بگیرێ بۆ ئاستەنگ خستنە بەردەم خۆ بەڕێوەبەرێتی کوردی. بەمەش تەنگ و چەڵەمە بۆ حکومەتی تازەی عێراقی دروست بووە. لەنامەیەکدا بۆ سەرۆك بوش، هەردوو سەرکردە کوردییە سەرەکییەکە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی دەڵێن کەوا کوردەکان خۆیان دوور دەگرن لەبەشداریکردن لەحکومەتی ناوەندی بەغدا ئەگەر هەر هەوڵێك بدرێت بۆ پوچەڵکردنەوەی دەستوری کاتی عێراقی کە لەمانگی ئادار ئیمزاکرا.

سەرکردە شیعەکانیش لەو چەند ڕۆژەدا ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە دەیانەوێ هەندێك بڕگە لەدەستوری کاتی لابدەن، بەتایبەتیش ئەوەی کەمافی ڤیتۆ بەکورد دەدات لەسەر دەستورەکە، سەرکردە شیعەکان دەستورەکە بەنادیموکراتی سەیر دەکەن، لەکاتێکدا کوردەکان لەسەر ئەوە دەوەستن کە دەستورەکە تاکە گەرەنتییە بۆ پاراستنی ئەو خۆ بەڕێوەبەرێتییەی ١٣ ساڵە بەدەستیان هێناوەو تیایدا لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە لە فڕۆکە جەنگیەکانی سەددام دەپارێزران.

لەنامەکەیاندا، بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی نوسیویانە سەرکردایەتی کوردی بەشداری ئەو هەڵبژاردنە نەتەوەییە ناکەن کە چاوەڕوان دەکرێ لەکانوونی دووەمی ساڵی داهاتوو ئەنجام بدرێ و ڕێگەش نادەن نوێنەرەکانی بچنە کوردستان. هەروەها نامەکە دەڵێت گەلی کورد چیتر قبوڵ ناکات وەکو هاوولاتی پلە دوو لەعێراق سەیر بکرێ.

تاڵەبانی و بارزانی نزیکەی ٧٥٠٠٠ چەکداریان هەیە، بۆ دڵنیابوون لە بەدەستهێنانی مافەکانی کورد، داوایان لەسەرۆك بوش کردووە کە دەستوری کاتی عێراقی بخاتە نێو بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ عێراقییەکان.

بەڵام کار بەدەستانی ئەمریکی لەدوای ڕاگەیاندنەکانی سەرکردە شیعەکان و بەتایبەتیش ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی کە هەڕەشە دەکات بە (دەرەنجامێکی خراپ) ئەگەر هەر هەنگاوێکی لەو جۆرە بنرێت، داواکەی کوردیان ڕەتکردەوە بەمەش واپێدەچێت ناکۆکیەکی دیکە لەنێوان سەرکردە کوردەکان و شیعەکان بەرپاببێت لەسەر داهاتووی دەوڵەتی عێراق. کار بەدەستێکی پایەبەرزی ئەمریکی لەواشنتۆن هۆشداری ئەوەی دا کە ئەو نامەیە هەڕەشەیەکی بەهێزە بۆ هەڵواسینی حکومەتی ناوەندی. گوتیشی واچاوەڕوان دەکات کوردەکان و شیعەکان لەکۆتایی دا بگەنە ڕێککەوتنامەیەك، بەڵام زۆر گونجاوە لەبەغدا تەقینەوەیەك ڕووبدات. ئەو سەرکردە شیعانەی کە خەڵکەکەیان زۆرینەی عێراق پێکدێنن، بەڵام لەمێژە لەدەسەڵات دابڕوان، دەڵێن کە ئەو دەستورەی ڕێگە بەکوردەکان دەدات مافی ڤیتۆ بەکاربێنن هەلی مێژوویی شیعەکان کەمدەکاتەوە بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی.

عادل عەبدولمەهدی، وەزیری داراییی عێراق و سەرۆکی یەکێك لەگەورەترین پارتە شیعەکانی وڵات گوتی: (**سەرکردە شیعەکانی دەوڵەت سوڕن لەسەر ئەوەی ئەو بەندانەی دەستوری وڵات لابدەن کە ڕێگە بەکوردەکان دەدات ڤیتۆ بەکاربێنن لە دەستوری کاتی، ئەوەش دژی کورد نییە، دژی بەرنامەکانی دواترە**).

لەنامەیەکدا کە نوسینگەکەی بلاوی کردۆتەوە، ئایەتوڵڵا سیستانی ئەنجوومەنی ئاسایشی ئاگادار کردۆتەوە کە دەستوری کاتی نەخەنە نێو بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان (ئەو یاسایە، کە لەلایەن ئەنجوومەنێکی ناهەڵبژێردراوی ژێر داگیرکردن و بە کاریگەری ڕاستەوخۆی داگیرکردن نوسراوە، لەلایەن زۆربەی خەڵکی عێراقەوە ڕەتکراوەتەوە).

سەرکردە کوردەکان دەڵێن کەوا حکومەتی نوێی عێراقی ڕێزی دەستوری کاتی ناگرێ ئەگەر پاڵەپەستۆی نەخرێتە سەر. بەڵام کار بەدەستانی ئیدارەی بوش بەگشتی ئەوەیان تەئکید کردەوە کە دەستوری کاتی، هەروەکو چەندین یاسای تر کە لەکاتی داگیرکردن دانیان پێدانراوە، بەردەوام دەبێت تاکو دوای ٣٠ی حوزەیران، بەڵام کار بەدەستێکی باڵادەست ڕایگەیاند کە پێویستە دەستوری کاتی دووبارە دانی پێدابندرێتەوەو تەئکید بکرێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی یاسایی.

خاڵی گۆڕان بۆ کوردەکان لەمانگی ڕابردوەوە بەدیار کەوت، کاتێك (ڕۆبەرت بلاك ویڵ)ی نێردراوی تایبەتی سەرۆك بۆش بۆ عێراق بەهەردوو سەرکردە کوردەکەی گوت کەهیچ یەکێك لە پۆستی سەرۆك کۆمارو سەرۆکی وەزیران نادرێن بە کوردەکان. لەپاش ئەمەوە سەرکردە کوردەکان دەستیان کرد بە وازهێنان و بەجێهێشتنی بەغدا. زۆربەی بەرپرسەکانی هەردوولا و تاڵەبانی و بارزانی گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی کوردستان.

سەرچاوە: The NewYork Times

سیستانی
ئەوەی ماوە تۆش بە (غەنیمە) بیبە!

نوری بێخاڵی

(الساکت عنی الحق شیطان اخرس)؟!
یان لە بەرامبەر حەدیسی (من رأی منکم منکرا..) چی بڵێن؟!

ئاخر کە (عەبدولعەزیز حەکیم) دەڵێ: (بڕیاردان لەسەر ئەوەی کورد بەفیدراڵی شادبێت، پێویستە دەنگی هەموو عێراقییەکانی لەگەڵ بێت).. یان کە (کوڕی سەدر!) ماف بەخۆی دەدات کوردو سەرکردەو شۆڕشە ڕزگاریخوازەکەی بەترسنۆك و کوفرو مورتەدو ناوبات، یان کە (سیستانی) بەئاشکرا بڵێ ئەگەر ئەنجوومەنی ئاسایش متمانەو ڕەزامەندی بەدەستوری کاتی بەڕێوەبردنی عێراق بدات دەرەنجامەکانی ترسناك دەبن.. یاخود کە (الموسوی) پێی وابێت ڕازیبوونی باڵە عێراقییەکانی نێو ئۆپۆزسیۆنی سەردەمی بەعس لەسەر داخوازی فیدراڵی بۆ کورد لە (واشنتۆن و لەندەن و پیرمام) تاکتیك بووە، بە لەبەرچاوگرتنی واقیعی سیاسی ئەوکات و هەڵوێستی هاوپەیمانان لەکوردو ئەزمونەکەی و ئۆتۆریتەی جەماوەری -سیاسی- عەسکەری کورد- کە (عەلاوی و کێو کێ) هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەسیمبۆلی بەرگریکردن لەدۆزی ڕەوای نەتەوەیی و مەزلومیەتی کوردە بەمیلیشیاو هێزی ناشەرعی و ناقانوونی ناو زەد بکەن.. (عەلاوی)یەك کە بۆ خۆی و حزبەکەی و ڕۆژنامەکەی (نداء المستقبل) ڕۆژانێك لەسێبەری ئەو هێزە (ناشەرعی و ناقانونیە!!) نەبوان حەوانەوەیان نەبوو.. خێرە ئێستا وا بایداوەتەوە؟!

هەموو ئەو ئاماژانەو، چەندین هەڵوێستی نامەسئولانەو نمەك حەرامانەی تری کەسایەتی و هێزە سیاسیە عەرەبییەکانی عێراق (ئەوە سەرباری هەڵوێستی شۆڤینیانەی وڵاتە عەرەبییەکان و نێوەندە (جەماوەری و ڕووناکبیرییەکان و ئەکادیمییەکانیان!) ئەوەمان پێ دەڵێن کە متمانەکردن بەعەرەب لەعێراقدا، وەکو ئەوەی (گۆشت و بەز بەپشیلە بسپێری!) دوای ساڵێك و ئەوەندە مانگە لەبەناو ئازادکردنی عێراق (کە بۆ کورد هیچ خێرێکی نەبوو!).. تەواوی پێشهات و گۆڕانکاریەکان و، تەنانەت دڕدۆنگی و ئیزدواجیەت و سیاسەتی پێوان بەدوو پێوانەی ئەمریکاش دەیسەلمێنێ کە کوردو دۆزە ڕەواکەی لەبەردەم مەترسی گەورەدان، ئێستا تێدەگەین کە تفەنگەکانی فەلوجەو کاتیۆشاکانی باشوورو کارە تیرۆریستییەکانی ناوەڕاست کە عەرەب پیادەی دەکات، ئەمریکای ناچار کرد جارێکی تر عێراق بباتەوە باوەشی عروبەو عەگال بنێتە سەر سەروەری ئەو دەوڵەتە دروستکراوە.. پێشوازی و گوڵباران و لەباوەشگرتنی کوردیش، ئەمریکای والێکرد کوردی بێ ئیرادەو خەون بێتە پێش چاوو، لەپێناو بەرژەوەندییە چێڵیسە سیاسی- ئابوورییەکانی خۆیدا کوردو کێشەکەی بەهەڵپە سێردراوی بهێڵێتەوەو، وەکو پارویێکی چەور بیخاتە دەمی ئەژدیهای عروبەو شۆڤینیەتی هەرێمایەتی! چۆن پێکەنینم بەو ڕۆژنامەنووس و نوسەرە (دنیا دیتە!) نەیەت کە سیاسەتی حزب چاوی کوێر کردووەو، ڕاشکاوانەو بێگوێدانە ئیرادەی جەماوەرو شەقامی کوردی بڵێت: (ئێمە بۆ ئەوە لەبەغدا نین بەتەنها داوای مافی کورد بکەین، بەڵکو پێویست بوو بیسەلمێنین کەعێراقین و لەهەر کەس زیاتر لەخەمی یەکخستنەوەی پارچە گۆشت و ئەندامەکانی جەستەی عێراق داین)؟!

چۆن گاڵتەم بەو سیاسییە خۆ بەزۆرزانە نێت کە لەپشتی مێزو بەفیزەوە دەڵێ: ئێمە عێراقین و کێشەکەمان بەشێکە لەخەونی عێراقیەکان و نابێ کە هەموو شتمان مسۆگەر نەبوو، بەهیچیش ڕازی نەبین؟!

ئەرێ گەلۆ! ئەوانەی تەپڵ بۆ ستراتیژیەت و بیرتیژی و حیکمەتی حیزبی لێدەدەن.. ئەوانەیش بەحساب سیاسین و ڕێنوێنیمان دەکەن، پێمان ناڵێن کوا زەمانەتی (عەرەبی- هەرێمایەتی- ئەمریکی- نێونەتەوەیی) کێشەکەمان؟ پێمان ناڵێن ئەو وەهمی برایەتی و عێراقچێتییەو موجامەلە کردنە چی بەرهەم هێنا؟ پێمان ناڵێن دۆستایەتی ستراتیژی کوردو ئەمریکا چی بەسەر هات؟

کە خاتوو (نەسرین بەرواری) و گروپی کورد لەوەزارەتەکان بوێرانەو بە بەرچاو ڕونی ئامادەبن دەستبەرداری پۆستەکانیان بن لەو مەهزەلەی بەناو حکومەتی (هەموو عێراقیەکان!) دەست بکێشنەوە ئەگەر سەرکردایەتی کورد ڕازی بێت.. کە (حەمەی حاجی مەحمود) ڕۆژ ڕاشکاوانە دەستبەرداری هێزی پێشمەرگەی سۆسیالیست، کە بەشێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، نەبێت.. دەبێ هەڵوێستی (پارتی و یەکێتی) کەدوو هێزی سیاسی خەباتگێڕو شادەمارو بڕ بڕەی پشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی باشووری کوردستانن لەبەرامبەر ئەوەو هەرەشەو مەترسییانە.. لەبەرامبەر ڕای جەماوەرو شەقامی کوردی.. لەبەرامبەر وێژدان و مێژووی قوربانیدان و تێکۆشانی کورد چی بکەن و چی بڵێن؟!

تۆ بڵێی دەستبەرداری گوتاری حزبی بن و، بگەڕێنەوە بۆ ڕای خەڵك و، پەردەی شەرم بشکێنن و ڕاشکاوانە بە ئەمریکاو هاوپەیمانانی و (UN) و ئەنجوومەنی ئاسایش بڵێن، ئێمەش لەتەیموری ڕۆژهەڵات و دارفۆر کەمتر نین.. یان دەبنە هۆی ئەوەی عروبە سواری سەرملمان بێتەوەو (سیستانی)ش ئەوەی ماوە بە (غەنیمە!) بیبات؟!

پێدەچێت (سیستانی- پیری ئاخیر شەڕ!) بەرامبەر بەکورد هێشتا نارەحەت بێت، ئاخر حەقیەتی دیارە ئەوو هاوشێوەکانی بەقەسابخانەکانی (دۆڵی شەهیدان و دۆڵی ئەسحابەو هەورامان و شارەزوورو.. هتد).. بەپرۆسەی بەکۆمەڵ ڕاپێچکردنی کچە نەشمیلەکانی کورد بۆ پێ پەتیەکانی ژێر دەوارەکانی (حیجاز) وەکو جاریەو کەنیزەك، لەسەردەمی غەزەواتدا دڵیان تێر ئاوی نەخواردبێتەوە.. ڕەنگە کوڵی دڵمان بەسیاسەتە پاکتاوییە نەژادییەکانی (تورك- فارس- عەرەب) لەسەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا بەرامبەر بەکورد دانەمرکابێتەوە.. لەوانەیە هێشتا قەناعەتیان بەسیاسەتە چەپەڵەکانی (تەعریب و تەبعیس و تەرحیل)ی بەعس و پرۆسە جینۆسایدەکانی ئەنفال و کیمیاباران نەهاتبێ، پێیان وابێت ئەوانە هەنگاوی سەرەتایی بوون و، زەمینە سازی و دەسپێکن بۆ (نەفیر عام) و سرینەوەی کورد لەنەخشەی ژیان و بوونداا..!

من کە باوەڕیم بەبرایەتی عەرەب نەبووەو نابێ، جا بە هەر ناوێکەوە بێت (لەنێویاندا برای دینی!) کە ژەهرێکی کوشندە بوو بەردەوام خستویانەتە نێو جەستەی کورد.. دڵنیاشم وابڕوا کایەی سیاسی و دەسەڵاتی کوردی بەوەهمی ئەو برایەتییەو، بەموجامەلەو شەرمنی لەبەرامبەر ئەمریکادا جارێکی تر ملی دۆزە ڕەواکەمان بەپەتی سێدارەی (عروبەو عێراقچێتی!) دەکاتەوە.

ئەگەر پیری ئاخیر شەڕو خوێندکارەکانی (سەدرو حەکیم و کێو کێ) بەڕاشکاوی و بێ شەرمانە دژی خواست و خەون و خولیای کورد بن لەگەیشتن بەمافە ڕەوا نیشتمانی- نەتەوەییەکان و، بەئاشکرا هەڵوێست وەربگرن، ئەوا لەپشتی پەردەوەش کۆمەڵێك کەسایەتی و هێزی بەناو دیموکراتخوازو لیبراڵ هەمان هەڵوێستیان هەیەو، خەونی ئەوەی جارێکی دیکە (باشووری کوردستان لەعێراق و کورد لەعروبە) مارە بکەنەوە وایان لێدەکات چەپڵە بۆ (سیستانی) لێبدەن و متەق لەبەرامبەر مەزلومیەتی کورد نەکەن.

(سیستانی) و پیاوە ئاینییە شیعی و سوننیەکان کە لەسەردەمی بەعسدا، لەبەرامبەر شالاوەکانی ئەنفال و کۆمکوژی کوردداا.. لەبەرامبەر بازرگانی پێکردنی کچە کوردەکان بۆ بندەست چەپۆك و ژێر ڕەحمەتی وەحشیانەی چێژی سێکسی سەرانی کەنداوو پیاوە مۆدێرنەکانی (میسر) بێدەنگ بوون، دەبێ لەبەرامبەر ئەو قسەیەی محەممەد پێغەمبەردا چ وەڵام بدەنەوە کە دەڵێ